# ئەفسانەی لەدایك بوونی (سان سەهاك )



نامق هەورامی
namqhawramy@yahoo.com

لەژمارە( ٧٧)ی‌گۆڤاری( رامان )دا وتارێکمان بڵاوکردەوە لەبارەی ئەفسانەو سەرهەڵدانی وفاکتەرەکانی گەشەسەندنی وئاماژەمان بە(ئاینی ئەهلی هەق ) داوە کەچەندین چیرۆکی ئەفسانەیی سەرسورهێنەری تێدایە ،بۆیە لێرەدا ئەوباسە دوبارە ناکەینەوە .

چیرۆکی لەدایك بونی (سان سەهاك ) لەنێو پەیرەوانی ئەم ئاینە بەرێزەوە تەماشا دەکرێت

لەروی کۆمەڵایەتیەوە دەروازەکانی بەدگومانی بەروی خەڵکیدا داخستوە ،یان رونتر بڵێین لەنێو پەیرەوانی ئەو ئایینەدا کەس بوختان بەکەسەوە ناکات ورازی دڵیان زۆربەکەمی دەدرکێنن ،هەمیشە ئەوچیرۆکانە وەك پەندو وانە تەماشا دەکەن .

ئەوەی لەبارەی ئەم چیرۆکەوە دەستم کەوتوە جۆراو جۆربوو وەڵێ بەبەراورد لەگەڵ هەندێك کتێبی پیرۆزی خۆیاندا ،ئەوەی لەگێرانەوەی نێو کتێبەکانەوە نزیك بێت ئەوە یاداشت دەکەم.

لەچیرۆکەکەدا وێرای ( سان سەهاك ) ناوی (باباسەرهەنگ ) هاتوە بۆیە بەباشم زانی چەند وێسگەیەك لەژیانی هەردوکیان باس بکەم .

*( سان سەهاك )کوری شێخ عیسای بەرزنجەیە ،لەنێو مێژوونوساندا ناکۆکی لەسەر ساڵی لەدایك بونی هەیە ، (کاکەردایی )کە (سەرەنجام )لەزۆر جێگادا پشتی بەبیرەوەری ویاداشتەکانی بەستوە ،ساڵی (٤٤٥)کۆچی بەساڵی لەدایك بون وساڵی (٥٨٨)بۆمردنی دیاری دەکات .

(دکتۆر محەمەدی موکری) یش لەکتێبی (شاهنامە حقیقت )دا ساڵی (٦١٢)بۆلەدایك بونی باس دەکات .

لە (سەرەنجام )یشدا هاتوە : ( سان سەهاك ) لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی کۆچی لەبەرزنجە لەدایك بوەو لەکۆتایی سەدەی حەوتەمی کۆچیدا لەهەورامان ماڵاوایی لەژیان خواستوە ولەگوندی ( شێخان )کەمەڵبەندی گەشەسەندنی ئاینەکەیەتی نێژراوە .

(محەمەد عەلی سوڵتانی ) لەکتێبی (قیام ونهظت علویان زاکروس ) دا دەڵێت :

(شێخان )بەتەنیا مەڵبەندی بڵاوبونەوەی ئایینەکەی ( سان سەهاك ) نیە بەڵکو پایتەختی حوکمرانیەکی کوردی بوە کە( سان )بەرێوەی بردوە .

*( سان سەهاك ) لەگوندی بەرزنجە لەدایك بوە ،سەرەتا لای باوکی خوێندویەتی ودواتر چوەتە لای (ملائەلیاسی شارەزوری )بۆخوێندنی مەلایەتی وبۆتەواوکردنی خوێندنەکەی چوەتە (نڤامیە)ی بەغدا لەوێ زانستە ئایینیەکانی تەواو کردون ولە (شام) ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتوە .

( سان سەهاك )لەئایینەکۆنەکانی‌وەك (زەردەشتی ،مەزدەکی ،مانەوی )شارەزایی باشی هەبوە وئاگاداری ئەو( ڕێ و رچە)یە بوە کە (بالولی ماهی )لەسەدەی دووەمی کۆچیدا لەهەورامان دایمەزراندوە بەناوی ڕێ وڕچەی (یاری )یەوە .

بۆیە پاش مردنی باوکی بەرەو (شێخان )بەرێدەکەوێت وگەشە بە (یاری )دەدات وئێستا بە(ئەهلی هەق ) ناسراوە (باباسەرهەنگی دەودانی ) ساڵی (٣٢٤)کۆچی لەهەورامان لەدایك بوە ،یەکێك بوەلەموغەکانە ئاینی زەردەشت ودواتر پاش لاوازبونی ئەوئاینە پەیرەوی لەرێورچەی (یاری)کردوە ،پاش هێرشی عەرەبەکان بۆکوردوستان (باباسەرهەنگ )وەك رابەرێکی ئایینی پێشەوایەتی‌گەورەترین روبەروبونەوەی داگیرکاری ئارەبی کردوە لەگەڵ کۆمەڵێك لەهاوەڵ وپەیرەوانیدا .

بابا جگەلەوەی رابەرێکی ئایینی گەورەبوە شاعیرێکی زمان پاراویش بوە یەکەمین تێکستی شعری بەرگری کوردی (باباسەرهەنگ ) نوسیویەتی :

**پەی ئامانتان ،پەی ئامانتان گرد ئامادەبان پەی ئامانتان**

**ئەز مەرهەم مەنیەو نەزامانتان مەرەسم وەحەق ئیمامانتان**

واتە/هەمووخۆسازو ئامادەبکەن بۆروبەروبونەوەی داگیرکاران ومنیش بەهاناتانەوە دێم ومەرهەمم پێیە بۆسەر ئەوبرینەی داگیرکاران لەجەستەی ناون و تۆڵەی رابەرە لەخوێن شەلاڵەکانتان دەسەنمەوە .

یان دەڵێت :

**سەرهەنگی دەودان ،سەرهەنگی دەودان ......من کە نامەن سەرهەنگی دەودان**

**چەنی ئێمانان مەگیلم هەردان ............ مەکۆشم پەرێ ئایینی کوردان**

واتە/ من سەرهەنگی دەودانم ،وەل موریدو هاوەڵانمدا بەکێواندا دەگەرێین بۆزیندو کردنەوەی ئایینی کوردان .

باباسەرهەنگ لەکۆتایی سەدەی چوارەمی کۆچی ماڵاوایی لەژیان خواستوەو لەشارۆچکەی (تەوێڵە)ی هەورامان بەخاك سپێردراوە

## دەقی ئەفسانەکە :

لەپاش بزربونی (باباسەرهەنگی دەودانی ) ( یاران ) هاتنە هەورامان لەوێ بەکاری باخ داری وئاژەڵداریەوە خەریك بوون ،بەفیتی داگیرکاران شەڕ لەنێوان کوری فەرمانرەوای هەورامان و( یاران ) دا هەڵگیرسا،بۆئەوەی خوێن نەرژێت ( یاران ) لەیەکتر جیابونەوە وناوچەکەیان چۆڵ کرد بەبێ ئەوەی کەس ئاگاداری کەس بکات کەبۆکوێ ئەچێت بڵاوە یان لێکرد .

پاش چەندرۆژێك هەموویان لەماڵی شێخ عیسای بەرزنجە ییدا یەکیان گرتەوە .

شێخ بەنیازی ژن هێنان بوو ،لەگەڵ ( یاران ) دا چون بۆماڵی ( حسین بەگ ) کچێکی هەبووبەناوی (دایراك )بۆخوازبێنی .

حسین بەگ گوتی: کچەکەم ئەدەمە کەسێك هەرچی داوابکەم لەسامان ومەڕو ماڵات بۆم دابین بکات ،( یاران ) داواکەی ( حسین بەگ )یان قبوڵ کرد لەکاتێکدا شێخ ئەوەندە باری ژیانی باش نەبوو ،کەهاتنەدەرەوە شێخ لێی پرسین ئێوەبۆداواکاری واتان قبوڵ کرد نازانن ئەوە لەتوانای مندا نیە ؟ ئەوانیش بەدڵخۆشیەوە گوتیان ئەوەکاری ئێمە نیە ( مەولا ) کردویەتی .

بەیانیەك حسین بەگ لەخەوهەستا روانی دەوروبەری ماڵەکەی ئەوەندەماڵاتی تێدایە نایەتە ژماردن ،گیانی کەوتە لەرزین لەبەرخۆیەوە دەیگوت ئەمە معجزەیە هەرلەوێدا بریاری دا کچەکەی بداتەشێخ وهەرئەورۆژە بەبوکی بگوازرێتەوە .

یەك دوورۆژ پاش بەزاوابونی شێخ لەگەڵ ( یاران ) دا لەئاقار دەسورانەوە لەپر لەئاسمانەوە چەخماخەیەك بەرزەوی کەوت ،تیشکەکەی هێندە سەرنج راکێش بوو شێخ عیسای سەرسام کرد،بەوانەی وەلیا بون گوت بمبەنەوە بۆ ماڵەوە ،کەمێك بێتاقەتم ،بەرەو ماڵەوە بردیانەوە وبەدەم رۆشتنەوە زکریان دەکرد و (مەولا مەولا )یان دەوتەوە ،کاتێك شێخ گەشتە ماڵەوە باسی تیشکەکەی بۆژنەکەی دەکرد ،لەوکاتەدا هەمان تیشك لەنێوان هەردوکیاندا بەرز بویەوەو لەباوەشی ( دایراك ) دابزربوو ،پاش ئەو دووگیان کەوت ودوای نۆمانگ ونۆرۆژ کورێکیان بوو کت ومت لەوتیشکە دەچوو کەلەئاسمانەوە کەوتە سەرزەوی وناویان نا ( سەهاك ) .

رۆژلەدوای رۆژ سەهاك بەرەوبەهاری تەمەن هەڵدەکشاو باوکیشی پاییز نیشانەی لێدابو ،بۆیە بریاری دا لەگەڵ کورەکەیدا بچێتە سەفەری حەج ،هەرئەوساڵە بەرێکەوتن بەرەو مەککە لەکاتی سورانەوە بەدەوری ( بەردە ڕەش ) دا بینی ئەوتیشکەی لەئاقارەکەدا بینی ئەوا لەپێشەوەیدا رێدەکات ،هەرلەوێدا ویستی باوەر بەگەورە یی

**کورەکەی بهێنێت لەپڕ زمانی بەستراو توانای ئاخاوتنی نەما ،لەرێگەی گەرانەوەیدا کۆچی هەتاهەتایی کرد و ( سەهاك ) یش بویە ( سان ) .**

**سەرچاوەکان :**


**١- گۆڤاری رامان/ ژ ٧٧ /گولْ بولبول/نامق هەورامی**

٢- (قیام ونهظت علویان زکروس) محمد علی سلطنی /جاب اول –تهران

**٣- ئەفسانە لەئاینی ئەهلی هەقدا / دەسنوس/ نامق هەورامی**

**٤- خوێندنەوەیەکی هاوچەرخ بۆئاینێکی کۆن/ دەسنوس – نامق هەورامی**

**٥- گێرانەوەی هەندێك پیاوی بەتەمەنی ئەهلی هەق لەگەلْ کۆمەلْێك کاسێتی کاکەییەکان خاوەنەکانی داوایان کرد ناویان نەهێنم .**

**٦- تەزکیرەی ئەعلا _چاپ تهران – ١٣٣٨**

**٧- سەرەنجامێکی کۆن سالْ وشوێنی چاپی لەسەر نیە**

**٨- نامە سرانجام –د.صدیق صفی زادە _انتشارات هیرمند _ تهران ١٩٩٧**

**٩- (یاری ) بەپەیرەوانی ئاینەکە دەوترێت**